سەرۆك کۆمار پێشوازی لە ژمارێک لە بەشداربوانی کۆنفرانسکی تایبەت بە ئاو دەکات



سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید لە شوێنی مانەوی لە هەولێر پێشوازیکرد لە ژمارێک لە بەشداربوانی کۆنفرانسی تایبەت بە ئاو و گۆڕانی کێشوهەوا و کاریگەریی سیاسی و ئابووری و دیمۆگرافییەکانیان لەسەر عێراق، کە لە زانکۆی کوردستان بە هاریکاری لێژنەی دیداری بەحر ئیلعلوم بە دیالۆگ و سەنتەری فەرەنسی بۆ توێژینەوە لەسەر عێراق ڕێکخراوە و لەماوەی دوو ڕۆژدا دیدگای ئایندەیی بە ڕوبەڕوبونەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کێشوهەوا و کەمی ئاو، تاووتوێ دەکرێت.

لە دیدارەکەدا سەرۆك کۆمار پێویستی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی لە پیسبون دوپاتکردەوە و جەختیکردەوە لە کارکردن لەسەر ستراتیژیەتی کێشەکانی ئاو و بونیادنانی بەنداو بۆ سودوەرگرتنی نمونەیی لە داهاتی ئاو بەتایبەتی باران، سەرەڕای بنیاتنانی یەکێی چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆ و پێویستی دانانی بابەتەکانی ڕێهەندی کێشوهەوا و ژینگە و وزەی نوێبووەوە لە پڕۆگرامەکانی خوێندن.

هەر لە دیدارەکەدا، بەڕێز بریکاری هونەریی وەزارەتی ژینگە ڕونکردنەوەیەکی لەبارەی هەوڵەکانی وەزارەت بۆ چاودێریکردنی ژینگە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە بایەخی ئاسایشی ئاو، پێشکەش کرد.